# کوردستان پۆست تکایە گوڵە گەشاوەکان هەڵمەوەرێنن



ئەم سەرلەبەیانیە وەک پیشەی هەمو ڕۆژەم چاوێکی بەپەلەم بە سایتە کوردیەکاندا گێڕا ، بەڵام بەداخەوە ئەوەی چاوەڕێم نەدەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان ببینم ، بینیم .
دانانی ناوی نوسەرو تێکۆشەری خۆشەویستمان مامۆستا پشکۆ نەجمەدین لە چوارچێوەی نوسینێکدا لە ژێر ناو نیشانی ( نوسەرە خۆفرۆش و دەربارەکان بوونەتە داشی دامەی دەستەلات ) .

## هۆی ئەم پارێزگاریەم لە مامۆستا پشکۆ چیە ؟ .

سەرباری ئەوەی بەرێزیان لە ئێستادا وەک مرۆڤێکی ڕۆشنبیری خاوەند هەڵوێست و مرۆڤ دۆست ناسراوە بەتایبەتی لای گەنجان ، بەلام بۆ ئێمەیەک کەئاگاداری مێژووی ئەو مرۆڤەخۆشنێوەین ، بە کەسایەتیەکی ڕاستگۆو دڵسۆزو سەربازێکی وونی گەلەکەمانی دەزانین و هیواداریشم ئەو و سەدانی تری وەک ئەو لە ئاستی باوەڕی خەڵکیدا بمێننەوە چونکەگەورەترین سامانی لەبن نەهاتوو بۆ مرۆڤ مێژووی پاک و بێگەردیەتی .

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

من ئەو مافە دەدەم بە خۆم کە بڵێم ماموّستا پشکۆ هەرگیز نە خۆفرۆش بووە و نە دەرباری هیچ دەستەڵاتێک بووە و دەبێت . چۆن ؟ .
١ ـ کاک ئارام ووتبوی ( هەورامان بنکەی سووری کۆمەڵەیە ) و باوەڕی وابوو کە هەورامان دەتوانێت سیماو هێزی کۆمەڵە دەست پێوەبگرێت تا کامڵ بوونی تەواوەتی بیری مارکسیستی لە کۆمەڵگادا ، دیارە دەورو نەخشی ماموّستا و باوەڕ بونی بە ئازادی کاریگەری باشی هەبو لە کۆبونەوەی ژمارەیەکی لە کەسانی چەپ و شداربوونی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی ناوچەکە لە کاری پێشمەرگایەتیدا ، بە جۆرێک ئەو کەرتەی کەلەگەڵ ماموّستا بوون بریتی بوون لە دەرچوانی زانکۆ ، کە کاریگەریان هەبوو لەسەر ئاستی گەشەی بیری خەڵکی ناوچەکە . کاک فەرهادی بەرپرسی سەربازی کەرتەکەیان _ علی عوسمان _ ووتی ( دەترسم توشی کەمینێکی قورسی وەک ئەوەی باموّک ببین و ئەم هەموە موهەندیس و تەلە بەی جامیعەیە تیا بچن ، بەڵام دڵم بەوە خۆشە ماموّستا پشکۆ کادرێکی عەسکەری زۆر شارەزایە و بەردەوام لە شوێنە خەتەرەکاندا خۆی دەچێتە پێشەوە ) .
٢ ـ لە ١٩٨٠/٣/٢٣ لە بارەگای ( مقەڕ ) دەوەرە لە ناوچەی هەڵەبجە بڕیاری دەرکردنی من و چەند کەسێکی تر لە پێشمەرگایەتی درابو ، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەک لە بەڕێزان ( م.پشکۆ ، حامید حاجی غالی ، د.کەمال شاکر ، سامان ، م.شاهۆ ، شەهید سەیفەدین ، م.سەرکەوت ) دانرابوو ، ئەگەرچی زۆربەیان پێیان خۆش نەبوو ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەن بەڵام ماموّستا پشکۆ کاریگەری هەبوو لەسەریان وەبەرپرسي یەکەمیش بوو ، بڕیارەکە ئەگەر چی لە سەرەوە هاتبو پوچەڵ کرایەوە بە دانانی چەند مەرجێک لە سەرم .
٣ ـ ڕۆژی ١٩٨٢/٧/٢٩ کاتژمێر ٧،٣٠ ی سەرلەبەیانی لە گوندی قەڵبەزەی شارەزور ، لەکاتێکدا گوێم لە ڕادیۆی ئەلبانیا ( الماركسيه لينينيه عقيدة دائما الثورية ) دەگرت لیژنەیەک لە بەڕێزان کاک ( شەوکەت حاجی موشیر ، م.شاهۆ ، حەمەی حەمە سەعید ، شەهید ئەحمەد شاتوانی ، شەهیدمەحمودگەرمیانی) پێکهێنرابوو وە پێشتریش بڕیاری لەسەر درا بوو . بە چەند پێشمەرگەیەک ( تاهیرە بچکۆل ، مام تۆفیق ، مەجید ئاڕبی جی ، حمەکریم هەورامی ) دەوریان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گرتم و داوای چەکەکەیان لێکردم . بەرپەرچم دانەوە کە چەکی خۆمەو نایدەم بەکەس ، کاک شەوکەت هاتە لامەوە و ووتی : بەئەمری سەرکردایەتی دەبێت ئەو چەکەمان تسلیم بکەیت و لەم ساتە بەدواوە تۆ پێشمەرگە نیت ، ووتم دەبێت هۆکەیم بۆ ڕوون بکەیتەوە ئەو جا چاک دادەنێم ئەگینا چەکی خۆمەو نایدەم بەکەس . کاک شەوکەت دەستی کرد بە ناو جانتا کەیداو نامەیەکی دەرهێناو دایە دەستم ، کاتێک سەیرم کرد مۆری سەرکردایەتی لێدرابوو کە نازناوی پێشمەرگەیاتیان لێسەندومەتەوە . داوام لە کاک شەوکەت کرد هۆکاری چیە ؟ نامەکەی لێوەرگرتمەوە و لە ژێرەوە نوسی ( هەڵگری نامە پێشمەرگەیەکی ئازاو دەست و داوێن پاکەو لەبەر سودی گەل و شۆڕش ، نابێت جەولەو نیشاط لە ناوچەکانی هەورامان و شارەزوردا بکات ، ئەم نامەیەش وەک وەرەقەی نەقڵ بۆی حسابە لە هەر تیپ و کەرتێک کە خۆی پێی خۆشە جگەلەو شوێنانەی کەئیشارەمان پێکردوە . بەچەک وتاقمی خۆیەوە).

بەڕێزانی کوردستان پۆست : ناچار بۆ جارێکی تر پەنام بردەوە وەک چەندین کەسی تر بۆ لای مامۆستا پشکۆ و خۆی کردەوە قەڵغانی من و دەیان کەسی تر ، کاتێک پێویست بکات ناوی ئەو کەسانە دەهێنم .

٤ ــ بەڕێزانی کوردستان پۆست : نوسینەکانی ، ووتارەکانی ، هۆنراوەکانی ، یاداشتەکانی ، چاوپێکەوتنەکانی ، باشترین بەڵگەن بۆ شۆڕشگێڕی و مرۆڤ دۆستی و ئاست بەرزی مامۆستا پشکۆ . بۆ ئاگاداریشتان بەڕێزیان هەرگیز لەگەڵ مندا هاو نەزەر نەبووە لە باری سیاسیدا ، خوازیاریشم ئەم بەرگریەم نەخرێتەخانەی ماستاوچێتیەوە چونکە ماستاو بۆ هەرکەسێک بکرێت بۆ کەسانی مرۆڤ دۆست هیچ مانایەکی نیە نەخوازەڵا مرۆڤێکی هەست ناسکی ڕۆح پەپولەی وەک ئەو مامۆستایەی کە خۆی کردە قەڵغانی چەندین کەسی وەک من  هەر بۆیەشە ئەو هاوڕێیانە منیان ڕاسپارد بەم چەند دێڕە ناڕەزایەتی خۆمان دەربڕین .

٥ ــ بەڕێزانی کوردستان پۆست : کوردستان ماڵی هەرمرۆڤێکی کورد و هەرئازادی خوازێکی دنیا بێت ، ماڵی ئەنفالچیان و فائێلداران و ئەو ٧٠٠٠ هەزار هەواڵگرەی ( المخبر السری ) ناو پارێزگای سولەیمانی و طواریەکان و مەفرەزەخاصەکان و کوردەجلوبەرگ زەیتونیەکان.... و بکوژانی ڕۆڵەی کورد بەدەستی کورد و بەهەدەربرانی سەروەت و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سامانی کورد و دزو چەتەکانی برسیکەری خۆمان
وکەسوکارەکانمان و بازرگانانی خوێن وخاکی کورد نیە .
بەداخەوە هەندێک هەن  بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن
خزمەتێکی باش دەکەن کە جێ نزرگەی باوباپیرانمان و خاکی
یادگاریەکانی منداڵیمان مان لێ حەرام دەکەن . مافی
هەمویەکێکمان لەهەرکاتێکدا بمانەوێ سەردانی ووڵات
بکەینەوە و بەئارەزوی خۆمان سەروخوار بکەین ، ئەوە تەنها
تاوانبارانە ، ئەوانەی دەستیان سورە بەخوێنی هەزاران و
بەشمەینەتان ئەو مافەیان نیە کە بەرێوەبەرو بڕیاردەر بن .
٦ـ ئێمە وەک ژمارەیەک لە کادیران و پێشمەرگەدێرینەکانی
کۆمەڵەو ڕۆژانی سەختی خەبات زۆر لەنزیکەوە ماموستا
پشکۆ دەناسین و هیچ گومانێکمان لە دڵسۆزی و پاکیەتی و
مرۆڤ دۆستی نیە و دوپاتی ئەوە دەکەینەوە کە ئەو مرۆڤە
خاوەن هەڵوێستە لە هەرشوێنێکی دنیا بێت هیچ لەباوەڕە
مرۆڤایەتیەکەی کەمناکاتەوە ، چونکە قاڵبوی برسێتی و
دەردیسەری و ڕۆشنبیری و زیندان و ئامێزی گەرمی هەزارانە .

لەبری ژمارەیەک لەکادیرو پێشمەرگەی دێرین
حاجی ئەنوەر   ٢٠٠٥/١٠/٢٥

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com